The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# به ناڕەزایەتی یەکگرتووانەمان دژ بە لەشکرکێشی سوپای داگیرکەری تورکیا بێینە مەیدان

**جەماوەری خۆڕاگری کوردستان**

**پارت و لایەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤ دۆستە کوردی و کوردستانییەکان**

**لە کاتێکدا ڕۆڵەکانی گەلەکەمان خۆیان بۆ جەژنەکانی قوربان و سەری ساڵ ئامادە دەکەن , ئەمڕۆ سەرلەبەیانی سوپای داگیرکەری تورکیا بە هاوکاری زانیاری سیخوڕی و پشتگیری هەمەلایەنەی ئەمەریکا , سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاند و هێرشی زەمینی بۆ سەر گەریلا دەست پێکرد , بەهەمان شێوە لە ڕۆژانی ڕابردوو , فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا ئاگری مەرگیان بەسەر کوردستاندا باراند و زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی و مادیان بە خەڵکی سڤیل گەیاند .**

**ئێمە لە کاتێکدا بە توندی ئەم پالامارانە بۆ سەر خەڵکی کوردستان و گەریلا شەرمەزار دەکەین , هاوکات داواکارین لە جەماوەری ناوچە سنووریەکان بەهەر شێوەیەك پێیان دەکرێت هاوکاری هێزەکانی گەریلا تێکۆشەرەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان , پارێزەرانی بوون و مانی کورد لە باکووری کوردستان بکەن , هاوکات داوا لە جەماوەری کوردستان لە ناوخۆو هاندەران دەکەین یەکگرتووانە دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بکەنەوە دژ بە لەشکرکێشی تورکیا و سیاسەتەکانی ئەمەریکا دژ بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستان , ناوەندی چاك پەیمان دەدات , وەکو ڕابردوو بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە نیشتمانیە بێدەنگ نابێت و ئامادەی کاری هاوبەشە لە گەڵ هەموو لایەك بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکی و ناڕەزایەتی .**

**هەرلێرەشەوە داوا لە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان دەکەین , بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکاندا بکەن , هاوکات پێویستە ئابلووقەی سەر دەڤەرەکانی گەریلا بە زووترین کات هەڵبگرن .**

**با بە یەکگرتووانە پەلاماری ئەمجارەی تورکیا بۆ سەر کوردستان تێکبشکێنین و خەونی لە مێژینەی تۆڕانیەکان لە گۆڕ نێین .**

**ناوەندی چاك**

2007-12-18

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

**تێبینی : هەر بەیان و بانگەوازێك ناونیشانەکانی سەرەوەی لەسەر نەبێت , دەربڕی بۆچوونی ناوەندی چاك نییە , تکایە ئاگادار بن .**